**بە نـاوی خـوای بەخشـندەو میهرەبـان**
**بە نـاوی گەلـــەوە**
**ئەنجـومەنی نیشتمانیی کوردســـتانی عێـراق**
**ژمارەی دەرهێنـــان : ١٤**
**ڕۆژی دەرهێنـــان : ٢٠٠٢/٨/١٤**

پشت بە حوکمەکانی بڕگە (١)ی ماددەی (٥٦) و ماددەی (٥٣) لە یاسای ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢)و ، لەسەر داوای ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق و ، داوای ئەنجومەنی وەزیران و ، ئەو یاساکارییەش کە ئەنجومەن لە دانیشتنی نائاسایی ژمارە (٢)ی ڕۆژی (٢٠٠٢/٨/١٣) یدا ئەنجامی داوەو ، بە پێی ئەو دەسەڵاتەش کە بڕگە (٣)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ پێمانی داوە ، بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا :

## یـاسـای ژمـــارە (١٤)ی ســـاڵـی ٢٠٠٢

**ماددەی یەکـەم :**

تێوەگلان لە تاوانی دەرهەق بە ئافرەتدا ، بە بیانووی هۆکاری شەریف ، بۆ مەبەستی بەرکارخستنی حوکمەکانی ماددەگەلی (١٢٨ ، ١٣٠ ، ١٣١)ی یاسای سزاکانی ژمارە (١١١)ی هەموارکراوی ساڵی ١٩٩٦ بە پۆزشی (مەعزەرەتی) یاسایی سزا سووك کەر لە قەڵەم نادرێت.

**ماددەی دووەم :**

هەر دەقیَ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت ، ناخرێتە بەرکار.

**ماددەی سێیەم :**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە بخەنە بەرکار.

**ماددەی چـوارەم :**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە (وەقایعی کوردستان) دا ، دەخرێتە بەرکار .

**د. ڕۆژ نـوری شـاوەیس**
**سـەرۆکی ئەنجـومـەنی نیشـتمانیی کوردسـتانی ـ عێـراق**

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی كـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com